راپۆرتی نێهنی پەنتاگۆن

نوسینی: ئەگنیس سینای

ئەم دەقە کورتەی راپۆرتێکە دەربارەی ئاڵوگۆڕەکان بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن "ئاندرۆ مارشاڵ" راوێژکاری بەتوانای وەزارەتی بەرگری لە پەنتاگۆنەوە ئامادە کراوەو لەلایەن پیتر شوارتز، راوێژکاری رێکخراوی سیاو دوگ راندال لە رایەڵەی کالیفۆرنیایی "گڵوباڵ بیزنس نت وورك" نوسراوەو لەم دوایانەدا لە فەرەنسە بەتەواوی بڵاوبۆتەوە.

لەچەند ساڵێك لەمەوپێش، لەبارەی ئەو ناکۆکییانەی لەکەموکورتی سەرچاوە سروشتییەکان و گرفتەکانی ژینگەو، لەنێوان دەوڵەتەکاندا دروست دەبێت، چەندان باسی زانیاری هەن. هەندێك لەو باوەڕەدان کە ئەمە دەتوانێت تەنیا هۆکاری هێرشی وڵاتێکە بۆ سەر وڵاتێکی تر لە کاتێکدا هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە یەکەمین دەوری ئەوان، هەڵگیرساندنی شەڕو کێشەیە لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە پێشوو لەگەڵ توندوتیژییە سیاسیی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوخۆیی بەرەو روون. لەگەڵ ئەمەدا، شتێك کە حاشاهەڵنەگر دێتە بەرچاو ئەمەیە کە مەسەلە گرنگەکانی ژینگە لەتوانیایدا هەیە ببێتە هۆی زیاتر بوونی کێشەکان بێت لە هەموو دنیادا.

"پیتر گلیك" یەکێك لە دامەزرێنەران و سەرۆکی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوە لەبارەی گەشەکردنی ژینگەو ئاسایش لە پاسیفیك، سەرەکیترین مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، لە حاڵەتی رودانی گۆڕانکاری جەوی بەهێزدا لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکاتەوە.

١ کەمبوونی مەوادی خۆراك بەهۆی نزمبونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە.

٢ دابەزینی چۆنیەتی و چەندێتی ئاوی پاك بەهۆی رودانی لافاوو وشکە ساڵییەوە.

٣ دەستکەوتنی کەمی خوێنییە مەعدەنییە ستراتیژییەکان بەهۆی سەهۆڵبەندان و تۆفانەکان.

لەبارەی گۆڕانکارییە جەوییە لەناکاوەکان، ئەگەری ئەوە هەیە کە بڕیارەکانی پەیوەست بە مەوادی خۆراکی، ئاوو وزە، یەکەم جار لەرێ"ای دیپلۆماتیکی، سیاسی و ئابووریی، وەك رێککەوتنەکان و گەمارۆ ئابوورییەکان سەبارەی بە ئابووری جێبەجێ بکرێت. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، لەپەیوەند بەسودوەرگرتن لە زەوی و ئاو، ئیمکانی ئەوە هەیە کە کێشەکان توندترو وشك ترو بەرێژەیەك کە نائومێدی دەوڵەتەکان زیاتر بێت، دەست بەکاربوون (واتا جەنگ) دەبێتە ناچاری.

لومواند دیپلماتیک

Le Monde diplomatique
ir.mondediplo.com

نامەیەکی کراوە بۆ سەرجەم دادوەرانی کوردستان

حاکم قوباد
(قوبادی جەلی زەنگەنە)

هەموومان باش لەوە گەیشتین کە کێشەی دکتۆر کەمالی سەید قادر، بەقەد

ئەوەی کێشەیەکی سیاسیو پەیوەستە بەبیرو رای سیاسی جیا وبەندە بەمەبەستی رادەربڕینەوە : نیو ئەوەندە کێشەیەکی یاسایی نیە ، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا تاوانی دکتۆر کەمال (ئەگەر بەڵگەی تەواوی لەبەر دەستدا بێت) لەجغزی ماددەی ٤٣٣/١ لەیاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١ ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو بەدەر ذیە ، کەسزاکەی حەپس و پێژماردنە یا یەکێك لەم دوو سزایە زاراوە حەپسیش وەك لەیاسای ئاماژە پێکراو هاتووە : بریتیە لەبەند کردن لەبیست و چوار سەعاتەوە تاپێنج ساڵ ، پێبژاردنەکەش لەپێنج سەد دیناری سەیسری تێپەڕ نابێت.

ئەوەی لەدادگاگانیشدا کاری کردبێت پاش ئەوەی گەییوە کە هەموو کێشەیەك کە کەوتۆتە جوڵەوە بەکۆمەڵێ قۆناغ رەت دەبێ کەرەنگە کێشەیەکی وەك ئەوەی دکتۆر کەمال بەساڵێکیش یەکلا نەبێتەوە .

کەواتە پەلەکردن و سزای ٣٠ساڵەی دکتۆر کەمال ، دادگای تاوانی هەولێر روو بەڕووی پرسیار گەلێك دەکاتەوە کە رەنگە وەڵام دانەوەی ئەوەندە سانا نەبێت !!. چونکە کردەوەکانی دکتۆر تەنیا دەچنەوی خانەی مادەی ٤٣٣ ی سزادانە وهیچ مادەیەکی دیکەی قانونی لەخۆ ناگرێ ، ناکرێ نووسینەکانی وا لێك بدرێنەو کە زبان بە ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەگەیەنن مەگەر لەسەر تەکلیفی دەسەڵات!

پەلە کردن لەدەرکردنی بڕیاری ئیدانە کردن و سزادانی ٣٠ساڵ زیندانی کردنی دکتۆر کەمال ، بەعالەمی ئاشکرا دەست تێوەردانی دەسەڵاتی کوردی دەسەلمێنێ لەکارو باری دادگاکان و بەداخێکی زۆریشەوە ، لاوازی بەشێك لە پیاوانی قەزای کوردیش نیشان دەدات ، کەواپێدەچێ ئەوەندەی مەبەستیان رازی کردنی دەسەڵات بووە ، ئەوەندە بیریان لەرازی کردنی عەدالەت نەکردۆتەوە .

ئەوەی قسەکانی منیش دەسەلمێنێ ئەوەیە ، کەجارێکی تر دەسەڵات لەهەمان کێشەدا هاتەوە مەیدان و یاری کێشەکەی بەجۆرێکی تر هەڵگێڕایەوە جارێکی تریش و بەمەبەستێکی تر دادگای بەستەسزمانی خستەوە ژێر رکێفی خۆیەوەو بانگەشەی سووك کردنی سزا یائازاد کردنی یەکجارەکی دکتۆر کەمالی راگەیاند و دادگاش بەهەمان پێشووی بۆ فرمانەکان مل کەچ بوو !

کێشەی دکتۆر کەمال بەقەد ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئیحراج کرد روو بورووی دەیان پرسیاری ناڕەزایی کردەوە ، سەد ئەوەندە ، رووی سوری دادگاکانی کوردستانی هەڵبزێکاند !!. سەرەنجام رەنگە دەسەڵات بەسەربەرزی یە ئاستەنگەکە دەربازی بێت .

و ئازاد کردنی دکتۆر کەمالیشی بەسەروەری بۆ تۆمار بکرێت ، کەبەلای دەسەڵاتەوە ە هەر ئەمەیان گرنگە ، ئەوەی بەهەناسە سواری لەگۆڕپانەکە دەمێنێتەوە ، ئەو دادگاو دادوەرانە ، کوێرانە فرمانەکانی دەسەڵات پیادە دەکەن و ئەرکە پیرۆزە تورِ دەدەن کە پیادە کردنی پرانسیپەکانی عەدالەتە !

ئەم کێشەی دکتۆر ، جگە لەوەی بەشێکە لەمسداقیەتی بڕیارەکانی دادگاکانی کوردستانی کاڵ کردەوە ، زەنگێکی خەتەرناك وپێشینەیەکی کەمەر شکێنیش بوو بۆ قەزای کوردی و ، تا عەیامێکی زۆریش ، پیادەکردنی عەدالەتی ، لەبەردەم رای گشتی کوردی

مەسعود بارزانی دەگاتە بەغداد، بۆ دانسان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراقی

پاش ئەوەی مەسعود بارزانی گەیشتە بەغداد، ئەویش بەمەبەستی دانووسان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، کەلیستی ئیئتلاف دوو دەستەی دانوسانی پێك هێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی تەوافق دانیشتن بکەن، تاکو مەسەلەی سەرۆك وەزیران یەکلایی بکەنەوە، کەتاکو ئێستا لەنێوان عادل عەبدولمەهدیو جەعفەریدا ماوەتەوە، ئەو دانشتنانەی ئێستا سەرەتایەکە بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەروەها رۆژنامەی زەمان لەژمارەی رۆژی ٢٨/١/٢٠٠٦دا ئاماژەی بەوەدا:کەلیستی ئیئتلاف بۆ دانوسان لەگەڵ لیستی عەلاوی قسەی خۆیان هەیە، کەئەوان لەگەڵ لسیتە براوەکانی ناو هەڵبژاردن دانوسان دەکەن، هەمان سەرچاوە ئاماژەی بەوەدا کەهەردوو لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی ئیئتلاف پێدەچێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت رێك بکەون، ئەگەر هاتوو ئەمك دوو لیستە لەدانوسانەکانیاندا گەیشتنە هەندێك دەرئەنجام لەوانە مەسەلەی کەرکوك.

هەروەها هەندێك لەسیاسیەکانی عێراق پێان وایە ئەم حکومەتە لەسەر بنەمای تایەفەگەری پێك دێت، لەسەرۆك کۆماریکی کوردیو سەرۆك وەزیرانێکی شیعیو سەرۆك پەرلەمانێکی سوونی، وەك ئەوەی لەدەورەی پێشوودا رووی دا، هەروەها ئەو سەرۆك کۆمارە کوردییە دوو جێگیری دەبێت یەکێکیان سونیو ئەوی تر شیعی، کەلەوانەیە ئەمە ببێتە نەریتێك بۆ دەورانی داهاتووش پەیڕەوی لێبکرێت.

هەروەها سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کەلیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئێستا دەتوانێت لەگەڵ هەندێك لیستی تردا یەکبگرێتو حکومەت پێك بهێنن.

الزمان

لەسەلاتی خێرۆمەند دەسەلاتی خزمەتگوزار

کەریم کاکە

جیاوازی نێوان خێرۆمەند و خزمەت گوزار وە ك جیاوازی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا وایە ،یان دەکرێ لە ڕوون کردنەوەی خێرۆمەند و خزمەت گوزارەوە،جیایەك لە جیایەکانی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەتایبەتی هی ناوەڕاستەکەی ببینینەوە ...دیارە خێرۆمەند کەسێکە هیچ ئەرکێکی دنیای بەسەرەوە ذیە تا لاناچار بە خێر کردنی بکات ،بەڵام(خزمەت گوزار)واتا تازەکەی یان بەو واتایەی لەم نووسینەدجا هاتووە کەسێکە پڕ ئەرك ،کەسێکی ناچار بە خزمەت پێشکەش کردن .....،

دەسەلات کاتێك پەیڕەوی لە سیاسەتی خێرۆمەندانە دەکات ،لە بن لێوە وە بە دانیشتوان دەڵێت لەسەر ئێوە تەنهات دەست پانك ردنەوە یە ،ئێوە مافتان بەسەر منەوە ذیە ،ئەوە کەوتە دەستانەوە خێرە لە منەوە .... بەڵام پەیڕەوی کردنی سیاسەتی خ زمەتگوزاریانە لە لایەن دەسەلاتەوە ،ئەرکە لە ئەستۆی دەسەلات و دەبێت بۆ دانیشتوانی بەجێبهێنێ.

ڕۆژئاوا لە مێژە خزمەت گوزاریانە ژیان دەکات و بە دانیشتووان و دەسەلات و عەقڵیەتی دەسپانکردنەوەیان تێپەڕاندووە .وەلێ ڕۆژهەلاتی نماڤین بە هێڵی خێروو مەندانە رێژ بۆتەوە و،لەو عەقڵیەتەوە کۆمەڵگا دەخوێنێتەوە و سیاسەت دەکات ،سیاسەتێك هەر لە کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتاییەوە بگرە بە قیرتاو کردنمی جادەیەکدا تێپەڕە ،دەگەیتە کردنەوەی فرۆکەخانەیەك لەوێشەوە بینینی ئەو پۆلیسانەی گوایە ئێشکگری سەر و ماڵن ،هەر لاهەموو ئەوانەی دەکەونە خانەی خێرەوە خێری دەسەلات بە دانیشتووان ،خێرێك کە بە بۆنەو بێ بۆنە بە چاودا دەدرێتەوە ،خەڵکیش لە ئاست ئەو خێر و چاکەیە لەسەریانە بەردەوام ستایشی سەرۆك و حیزب و شۆڕش بکەن .... سیاسەتی خێرو مەندهنە پتر لەوەوە دێ کەدەسشەلاتە سیاسی یە کانی ئەم ەناوچەیە لەڕێی کوشتنارەوە تەختی فەرمان ڕەوای یان گرتو وە نەك لە ڕێی دەنگی خەڵکەوە ،دیارە هەر لە ڕێی کوشتاریشەوەکش تەختیان پێدەکرێ.دەسەلاتی سیاسی ئێمەش بە تێگەشتنی من لە خزمەت گوزاریانە دوو و ئاوێزان بە خێرۆمەندانەیە ،بە تێکەڵەیەك لە ئاشکراو پەنهانی ،خۆی لە سیاسە تی خزمەت گوزڤاریانە دەدرێتەوە و دەچێتەوە سەر هێڵی خێرۆمەندانە ،ئەوەتا لەگەڵدرێژ کردنی هەر دەستێکی ئاوەدان کردنەوە جۆرێك لە خۆش گوزەرانی ،زاری منەت کاری بەسەر خەڵکدا دەکاتەوە هەمووی دەخاتە خانەی خێر و جەژنانەوە ،لە بەرانبەریشدا خەڵك سەری ڕێز نەوی دەکات و زاری ستایش دەکاتەوە و دوعای خێر و تەمەن درێژی بۆ دەسەلات یدەخوێنێ

.... کەناڵکانی ڕاگەیاندن بە ڕوونی و بێ تەم و مژ سیاسەتی خێرو مەندانەی دەسەلات و عەقڵیەتی ستایش کارانەی دانیشتوانیان تێدا ڕەنگ دەداتەوە ،دەسەلات منەتکارو دانیشتوان منەت بار .دەسەلاتی سیاسیمان هێشتا وابەستەی عەقڵیەتی ڕۆژهەلاتی ناڤینە، لەگەڵگۆڕانەکانیش هێشتا ترسی دەنگی نەگەیشتۆتێ ،بە واتایەکی ڕاستتر هێشتا دەنگ لە بەرژەوەندی ئەودایە ،چونکێکۆمەڵگا هێشتا لە عەقڵیەتی دەست پانکردنەوەدا پاڵی داوە تەوە بۆ یە تەمەن درێژی بۆ سیاسەتی خێرۆمەندانەیە.

لەدافوسی سەرمایەو دەسەلاتەوە بۆ کاراکاس و باماکوا

الحوار المتمدن

جیهادعەقل سەرەتای بابەتەکەی بەدەسپێکی یانەی نێو دەوڵەتی ئابووری دەستپێدەکات کە لە (٢٥)ی کانونی دوەمی ئەم ساڵدالە هەوارگەی دافوسی بەفرین لە سویسرا گرێدراوە دەست پێدەکات کە زۆرێك لە سەرمایەدارە گەورەکان بەشداری تێدا دەکەن، وەك نوسەر دەڵێ ئەو بەشداریە زیاترپلان بوو بۆ بەرژەوەندیەکان و قازانجەکانیان . نوسەر بە نمونە باس بەر لە (٣٠)ساڵ دەکات کە(کلاۆس شواب)ی بەرەگەز ئاڵمانی کە مامۆستای ئابوری سوسیری بوەو دامەزرێنەری یانەی ئابووری بوە.لەبەشێکی تردا جیهاددەڵێ: بەڵام یانەی کۆمەلایەتی لە کاراکاس ئاراستەیەك بوو بەرەو خۆپیشاندانێکی هاوکاری لە نێوان ئەوانەی دژ بە جیهانگیری هەستاون بەرانبەر یانەی دەوڵەمەندەکانی دافۆس. کەئەوەش درێژکراوەی یەکەمین یانەی کۆمەلایەتیە کە لە پۆرتوالیگزی لە بەرازیل گرێدرا. کاتێکیش دێتەوە سەر باسی یانەکەی دافۆس دەڵێ: لەو یانەیە کەس هەستی بە سەرما نەدەکرد،چونکە خواردنی باش و گەرمی باشیان هەبووکە بودجەی خەیاڵی بۆ دابین کرابوو. لەژێر هەموو پلانەکانیشیاندا جۆرەها شێوازی داپڵۆسین و داگیرکاریان شیکار دەکردو دەیانوت ئێمە نەوەی چینی کرێکارانین.نوسەر دەڵێ: لە دافۆس بەشداران هەستیان بە سەرما نەدەکرد،چونکە هەموو تێر بوون و خواردنی تایبەتیان هەبوو. بۆیە (خوان سۆمۆفیا)ی سەرۆکی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی وا لێکردبێتە دوان و بڵێ:ئەگەر سیاسەتی ئابووری بەم رێچکەیەی ئێستا بروات،ئەواجیهان دوچاری زۆر بوونی بێکاری دەبێتەوەناتوانرێت کاری ساڵانە رێکبخرێت کە بریتیە لە کاری زیاتر لە (٤٠)ملیۆن مرۆڤ.دواتریش (گای رایدەر)ی ئەمینداری گشتی یەکێتی سەندیکائازادەکان دیکۆمێنتێکی بە قەبارەی(٣٨) بەند پەرە خستە روو، کەتێیدا داوازیوکانی بزوتنەوەی سەندیکاکانی جیهانی لە خۆ گرتبوو. لە کۆتاییشدا جیهاد عەقل دەڵێت: راستە کوفی عەننان دەست خۆشی لە هەنگاوەکانی کۆنگرەکە کرد، بەڵام نیگەرانی خۆشی دەربری لە سەر مامەڵەی ئیدارەکەوە کە سەرمایەدارەکان بەرێوەبەری بوون .

الشرق الأوسط

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com